# Individ, Freedom, Reason, Justice, Toleration

16-07-2006

Liberal Party of Kurdistan

**پارتی لیبرالی کوردستان**

**پارتی ئۆپۆزیسیۆن**

نەک هەر سەحەر بۆدەرەوە، ئێرانیش بۆ دەرەوە.

بەرێزان، ئەندامانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی.
بەرێزان، ئەندامانی پەرلەمانی هەرێم.
بەرێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان.
بۆ گشت رێکخراوە سیاسی و مەدەنی و رۆژنامەکانی باشووری کوردستان.

لای کەس شاراوە نییە کە دەوڵەتی ئێران، یەکێکە لە داگیرکەرانی خاکی کوردستان و بەدرێژایی مێژووی دوژمنێکی بێرەحمی کورد بووە. لای کەسیش شاراوە نییە کە ئەم داگیرکەرە،هەمیشە، چالاکانە رێکخراوە سیاسیەکانی باشووری کوردستانی بەکارهێناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی. لای کەسیش شاراوە نییە کە گەورەترین هێزی تێکدەر، و هاندەری تیرۆر و توندرەویی و نائارامی لە گشت عیراقدا ئەمڕۆ  هەمان دەوڵەتە کە پێی دەڵێن ئێران.
بەرێزان
پاش تیرۆرکردنی ئەندامانی پارتی شۆرشگێرانی کوردستان و بێحورمەتی تەلەفزیۆنی سەحەر بەرابەر بە ئاڵای کوردستان. هەموو کورد، لە گشت پارچەکانی کوردستانی داگیرکراوماندا، چاوەڕوانی هەڵوێستی حکومەت و پەرلەمانمان بووین. بەڵام درێغا هەمیسان سیاسەتمەداری کورد بێدەنگی پەسەندکرد.
ئمرۆ، ئێمە وەک پارتی لیبرالی کوردستان، لە پێناو پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤی کوردستانی، داوا لە گشت لایەکتان دەکەین کە ئاشکرا دەنگی نارەزاییتان دەربرن و حکومتی کوردکوژی ئێران ریسواکەن. تا کەی بەناوی سیاسەتەوە چاوپۆشی لە داگیرکەران بکەین، تاکەی بەناوی سیاسەتەوە نەوێرین پشتی براکانی رۆژهەڵاتمان بگرین. تا کەی بەناوی سیاسەتەوە بەرابەر بە تیرۆر و لەسێدارەدان وماڵکاولکردنی براکانی رۆژهەڵاتی کوردستانمان، سەر شۆرکەین و وەک کوێر و کەر و لاڵ رەفتارکەین.  بۆیە بۆ گۆرینی ئەمبارە چەوتە پارتیمان داوادەکات کە:
1 / حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، بەرەسمی پرۆتێستۆ دژ بە دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی راگەێنن.
/2 حکومەت و پەرلەمانی کوردستان ئاشکرا هەڵوێست بنوێن و پشگیرییان بۆ مافە رەواکانی کوردی رۆژهەڵات دەربرن.
/3 بۆ پشتگیری کوردستانی رۆژهەڵات خۆپیشاندان لە گشت باژێر و شارەکانی باشووری کوردستان سازبدرێت.
/4 یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، نوێنەرانیان لە شارەکانی ئێران راکێشنەوە و پەیوەندیەکنیان لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆر ببرن.
/5 گشت دامودەزگا و نوێنەرانی رژێمی تیرۆر بە زوترین کات لە هەرێمی کوردستان دەرکرێن.

تاکەی سەرشۆر و فەرمانبەری قەرارگای رەمەزانبین.

لەپێناو حکومی چاک و حکومەتی چاکدا
پارتی لیبرالی کوردستان.

**BIG PEOPLE; SMALL GOVERNMENT**

www.lpok.org
**Email:** liberalparty@lpok.org